# شەوی گەڵاڕێزان

ئەلفرێد دو موسێ
لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



شاعیر:
ئەو ئازارەی دەمچەشت وەک خەونێک ڕەوییەوە
بیرەوەرییە دوورەکانم وەک
ئەو تەمە تەنکانەی بەرەبەیان بوون
لەگەڵ شەونم توانەوە.

خواوەندی شیعر:
کەواتە چیت بوو، ئای شاعیرەکەم
ئەو ئازارە پەنهانە چی بوو
کە تۆی لە من جیاکردەوە؟
هەیهات، هێشتا هەستی پێ دەکەمەوە.
ئەو ئازارە ئیتر چی بوو
ئەمەندە بۆی گریام؟

شاعیر:
ئازارێکی سادە بوو پیاوان دەیناسن
بەڵام کە ئازار دڵ دەگرێ،
وەک شێتێکی هەژارمان لێ دێ،
کەسێک پێش ئێمە ئەو ئێشەی نەبینیوە.

خواوەندی شیعر:
نیگەرانی تەنیا بۆ ئەو کەسانە سادەیە
کە گیانێکی بێ هەستیان هەیە،
هاوڕێ، دەبا ئەو خەمە ڕازدارە
لە گیانت هەڵفڕێ.
باوەڕم پێ بکە، بە دڵنیایی بۆم بدوێ،
خوداوەندی دڵڕەقی بێدەنگی
یەکێ لە براکانی مەرگە،
ئەو بە نارەزایی دەربڕین دڵی خۆی دەداتەوە و
هەندێ جاریش قسەیەک
ئێمەی لە وەسوەسەیەک ڕزگارکردووە.

شاعیر:
ئەگەر ئێستا باس لە ئازاری خۆم بکەم
نازانم دەبێ چ ناوێکی لێ بنێم
خۆشەویستی، شێتی، دڵ بڵندی، ئەزموون،
ناشزانم دەبێ چ کەسێک خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەم ڕازەت بۆ بگێڕمەوە،
چونکە دەتبینم ئەمەتا تەنیای و لە تەنیشت ئاگردان
دانیشتووی
ئەم چەنگە بگرە، نزیک بەرەوە، لێ گەڕێ یاداشتم
لەگەڵ ئاوازەکانت بە ئەسپایی بە ئاگابێتەوە.

خواوەندی شیعر:
پێش ئەوەی ئازاری خۆتم بۆ بەیان کەی
ئای شاعیر! لەو ئازارە هەڵسایتەوە؟
بیربکەوە، ئەمڕۆ دەبێ بە دڵی
بێ خۆشەویستی و بێ ڕق، قسە بکەی.
ئەگەر بە یادتدا دێتەوە گوایە پێم گەییوە
ئەم ناوە ناسکەی دڵدانەوە،
من تێکەڵ بەو سۆزەی خۆت مەکە،
کە لە دەستت چووە.

شاعیر:
ئەمەندە باش لەم ئازارە دەرچوومە،
هەندێ جار باوەڕناکەم کە بە خەیاڵمدا دێتەوە،
کە بیریش لەو شوێنانە دەکەمەوە، ژیانم لێیان لە
مەترسیدا بوو
لە شوێنی خۆم ڕوخسارێکی بێگانە دەبینمەوە،
خواوەندی شیعر، کەواتە ترست نەبێ لەو هەستەی
هەراسانت دەکا،
بێ هیچ کێشەیەک ئێمە هەردووکمان دەتوانین تێکەڵی
یەکتر بین
چەندە ناسکە گریان، چەندە ناسکە پێکەنین
بە یادی ئەو ئازارانەی دەبێ لەبیریان بکەین.

خواوەندی شیعر:
وەک دایکێکی وریا
لەسەر بێشکەی کوڕە خۆشەویستەکە
نیگەران و بە لەرزینەوە خۆم
بەسەر ئەو دڵە خوار دەکەمەوە کە لەسەرم داخرابوو،
قسە بکە، هاوڕێ - چەنگە هۆشیارەکەم
بە ئاوازێکی سست و سکاڵا ڕژێن
بە دوای دەنگت دەکەوێ و
لە ناو تاڵە تیشکێک
وەک خەونێکی ناسک
سێبەرە کۆنەکان دەگەڕێنەوە.

شاعیر:
ڕۆژانی کار! هەر تەنیا من لە ڕۆژانی کار ژیاوم!
ئای لە تەنیایی ئەوەندە ئازیز
ستایش بۆ خودا، بۆی گەڕامەوە،
هاتمەوە ناو ئەم ژوورەی خۆم،
هێ نووسین و خوێندنەوە، بیرکردنەوە!
دەبینی ئەو هەژارە چی بەسەر هاتووە،
دیواری وشک و چۆڵ،
کورسی نغرۆی ناو تۆز، چرای دڵسۆز،
ئای کۆشکەکەم، جیهانی بچووکی من
ئەی تۆ خواوەندی شیعر، ئەی لاوی نەمر
ستایش بۆ خودا، ئێستا بەیەکەوە گۆرانی دەڵێین،
بەڵێ، دەمەوێ گیانم بۆتان بکەمەوە،
ئێوەش هەموو شتێک دەزانن، بۆتان دەگێڕمەوە،
ئەو ئازارەی ژنێک دەتوانێ بەرپای بکا،
چونکە ئەمە یەکێکیانە، ئەی هاوڕێی داماوم
(هەیهات! لەوانەیە زانیبێتت)،
ژنێکە کە خۆم دابووە بەردەستی
وەک چۆن کۆیلە هی سەردارەکەیەتی
بڕیاری دا ڕقی لێم بێتەوە، هەرلەبەر ئەمەش
دڵم هێز و گوڕی تیا نەما،
لەگەڵ ئەمەش، نزیک لەو
هیوای بەختەوەریم هەڵبەستبوو.
لە نزیک جۆگە و ڕووبارەکان بەیەکەوە پیاسەمان دەکرد
ئێواران بەسەر لمی ڕەنگ زیویی ڕادەبووردین،
لە ناکاو لە پێشمان سەری هەڵدا شەبەنگێکی سپی
ترس،
لە دوورەوە ڕێگای پێ نیشان دەداین،
ئێستاش لەبەر ڕۆشنایی مانگ دەیبینم
ئەو جەستە جوانە نووشتاوەی ناو باوەشم
با چیتر لە بارەیەوە نەدوێین، پێشبینی ئەوەم نەکردبوو
ئەم خۆشەویستە دەمباتە کوێ
ئەوساش بێ گومان سەرەنجام تووڕەیی خوداکان
پێویستیان بە قوربانییەک بوو،
چونکە ئەو ژنە وەک تاوانبارێک سزای دام
گوایە دەمویست بەختەوەر بم.

خواوەندی شیعر:
وێنەی بیرەوەرییەکی ناسک
ئەوەتا خۆی پێشکەش بە خەیاڵت دەکا.
لەسەر ئەو شوێنپێیەی لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە،
بۆچی دەترسی پێیدا بگەڕێیتەوە
هەر لەبەر گێڕانەوەیەکی دڵسۆزانەیە
دەتەوێ ڕۆژە جوانەکانت لە یاد کەی؟
ئەگەر خۆشەویستەکەت ئەوەندە دڕندە بوو،

ئەی لاو، هەر هیچ نەبێ تۆ وەکو ئەو بکە
بۆ خۆشەویستییە بەراییەکانت پێ بکەنە.

شاعیر:
نەخێر، بۆ بەدبەختییەکانی خۆمە زەردەخەنەم دێتێ،
خواوەندی شیعر، پێم گوتی: دەمەوێ، بێ هیچ سۆزێک
بێزاری خۆم، خەونەکانم، وڕێنەکانم بۆت بگێڕمەوە
ڕۆژگار و وەخت و فرسەتەکانت بۆ باس بکەم.
بە بیرم دێتەوە لە شەوێکی پاییز بوو،
خەمبار و ساردوسڕ بووم
چرپەی با و گشەگشی دووبارەی وەک یەکی
لە ناو سەری ماندووم نیگەرانی ڕەشی ڕادەهەژاند،
لەبەر پەنجەرە بووم چاوەڕێی خۆشەویستەکەم دەکرد
لە ناو تاریکایی گوێم هەڵخستبوو
هەستم بە دڵەڕاوکەیەکی وا دەکرد
لە ناو گیانم گومانێکی دڵپیسی چاند،
شەقامی بەرانبەر ماڵ تاریک و چۆڵ بوو،
چەند کەسانێک وەک سێبەرێکی چرا بە دەست
تێپەڕین
کە با – ش لە کەلێنی دەرگا گیزەی دەهات
لە دوورەوە وەک هەنسکی مرۆ دەهاتە بەرگوێ،
ڕاستییەکەی نازانم خەیاڵم بۆ چ پێشبینییەک دەچوو
دواجار شێواوی دەروون دوورکەوتەوە
بێهوودە بە دوای پاشماوەی جورئەتدا دەگەڕام
کە وەختی هات هەستم کرد گیانم مووچڕکی پێدادێ.
بەڵام ئەو هەر نەهات بە تەنیا و بە سەری کزەوە،
ئەوەندە سەیری دیوار و شەقامم کرد،
سەرەنجام سەوز بووم و نازانم خەیاڵم بۆ چی دەچوو،
ئەو ژنە چ ئاگرێکی لە هەناوم بەردابوو،
هەر تەنیا ئەوم لەم دنیایە خۆش دەویست و بێ ئەو ژیان
وەک چارەنووسێک لە مەرگ ترسناکتر.
لەگەڵ ئەمەش بە یادمدا دێتەوە لەم شەوە شوومە
بۆ پچڕاندنی ئەو هەستە ڕەنجێکی زۆرم دا.
سەدان نەفرەت و تووکم بۆ نارد،
ئەو ئازارانەی بە دەستی ئەو چەشتبوومن، هەموویم
ژماردنەوە.
هەیهات! بە یادی جوانی بکوژی ئەو،
هیچ ئازارێک و هیچ خەمێک هەتوانم نەبوو!
دواجار ئەو ڕۆژە هات، ماندوو بە دەم چاوەڕوانی
بێهوودە،
لە بانیژە دانیشتبووم و خۆم وێک هێنابووەوە،
لە بەرەبەیانی تازە لە دایکبوو پێڵووم هەڵێنا،
لێگەڕام نیگای شاگەشکەم بە ئارەزووی خۆی شەپۆل بدا،
لە ناکاو لە گۆشەیەکی کۆڵانی تەسک،
بە نزمی گوێم لە دەنگی پایەک بوو هەڵدەکشا،
خودای گەورە! پەنا بە تۆ! ئەو بوو خۆی، دەیبینم،
دێتە ژوورەوە. لە کوێ دێیت؟ ئەم شەوە چیت کردووە؟
وەڵام دەوە، چیت دەوێ؟ کێ تۆی بەم ناوەختە ناردووە؟
ئەم جەستە جوانە، تا ڕۆژ بووەتەوە، لە کوێ ڕاکشابوو؟
منیش لێرە لەسەر ئەم بانیژەیە، بێداری دەکەم و
دەگرییێم،
لە کوێ، لە ناو کام تەخت، لەگەڵ کێ پێدەکەنیت؟
بێ وەفا، بێ پەروا، چۆن دەشێ هێشتا
بێیت و دەمت بۆ ماچی من ڕاخەی؟
پێم بڵێ تۆ چیت دەوێ؟ بە کام ئارەزووی ترسناک
جورئەت دەکەی بۆ ناو باوەشی ماندووی خۆمم ڕاکێشی؟
بڕۆ، ئاوابە، شەبەنگی خۆشەویستەکەم،
بگەڕێوە ناو گۆڕەکەت، ئەگەر لەوێوە هاتووی،
بۆ هەمیشە لێم گەڕێ و لاویم لە یادکە،
کە بیریش لە تۆ دەکەمەوە، وابزانە خەونت بینیوە.

خواوەندی شیعر:
ئارام بەوە، تکات لێ دەکەم،
وشەکانت وەک خارن.
ئای خۆشەویستەکەم! برینەکانت
هێشتا ئامادەن ببنەوە.
هەیهات! گەلێک زۆر قووڵن.
کوێرەوەری دنیاش ئەوەندە لەسەرخۆن
بە ئاسانی ڕەش نابنەوە!
لە یادی کە منداڵەکەم، لە ناو گیانی خۆت
ئەو ژنە بسڕەوە،
کە نامەوێ ناوی بهێنم.

شاعیر:
شەرمە بۆ تۆ کە یەکەم کەس بوویت
فێری ناپاکی کردم،
تۆقین و تووڕەیی
ئەقڵی پێ لەبیرکردم!
شەرمە بۆ تۆ، ژنی چاو پڕ لە تارمایی،
کە خۆشەویستییە شوومەکەت
بەهار و ڕۆژە خۆشەکانی منیان
لە ناو ڕەشایی شاردەوە!
ئەمە دەنگی تۆیە، زەردەخەنەی تۆیە
ئەمە نیگای چڵکنی تۆیە،
فێریان کردم نەفرەت باوێژم،
وێڕای نمایشی بەختەوەری

ئەوە لاوی و جوانی بکوژی تۆ بوو
بێئومێدیان کردم،
جا گەر گومانم لە فرمێسک هەبێ
ئەوە تۆ بووی بینیم دەگریای.
سادە و ساکار وەک منداڵێک
وەک گوڵێکی پشکووتووی بەرەبەیان
دڵی خۆم بۆ کردییەوە و خۆشم ویستی.
بێ گومان، ئەم دڵە بێ پەرژینە
دەشێ هێشتا بە ئاسانی یاری پێ بکرێ،
بەڵام دوورخستنەوەی ئەو لە بێ گوناهی
هێشتا جورئەتی دەوێ.
شەرمە بۆ تۆ! تۆ دایک بووی
بۆ ئازارەکانی بەراییم،
هەر تۆ بووی وات لە پێڵووەکانم کرد
بڕژێن و ببنە کانی گریان!
هەنووکەش دەڕژێ، دڵنیابە،
هیچ شتێک ڕای ناگرێ،
چونکە لە برینێکەوە هاتووە
هەرگیز ساڕێژ نابێ،
بەڵام لە ناو ئەم کانییە تاڵە،
هەر هیچ نەبێ خۆم نغرۆ دەکەم و
تێیدا بەو هیوایەم
یادگارییە نەفرەتبارەکەت بەجێ بهێڵم.

خواوەندی شیعر:
شاعیر، ئیتر بەسیەتی، بەرانبەر کەسێکی بێوەفا،
گەر وێڵی و سەرگەردانیت تەنیا ڕۆژێک بخایەنێ،
کە باس لە خۆشەویستەکەت دەکەی، نەفرەت لەو ڕۆژە
مەکە،
ئەگەر دەتەوێ خۆشیان بوێی، شایان لە
خۆشەویستەکەت بنێ،
ئەگەر ڕەنجەکەت زۆرە وەک مرۆیەکی لاواز
ئەو ئازارانە لە یادکە کە لەوی ترەوە بۆت دێ،
خۆت بپارێزە لە وڕێنەی ڕق،
کە نەتوانی بەخشینت هەبێ، خۆت بدە دەست لە
یادکردن.
مردووان لە ناو سکی زەمین بە ئاشتی خەوتوون،
بەم جۆرە دەبێ سۆزی کوژاوەمان بخەون.
ئەو شتانەی ئەم دڵەش بەجێیان هێشتووە، ئەوانیش
دەبنەوە خۆڵ،
دەبا دەست بۆ ئەم شتە پیرۆزانە نەبەین،
بۆچی، لە سەربردەی ئەم ئازارە بە ئێشە،
ناتەوێ لە خەونێک، یان لە خۆشەویستییەکی
خەڵەتێنراو زیاتر ببینی؟
کەواتە بێ هۆیە، هاندەری ئەو پەرجووە نابینی
لەو باوەڕەدای خودا بۆ سەرگەرمی تۆی ئازارداوە؟
ئەو ئازارەی باسی دەکەی لەوانەیە تۆی پاراستبێ،
منداڵ، هەر بەمەشەوە دڵت وەک دەرگایەک کرایەوە.
مرۆ فێرکارە، ئازاریش سەرداری ئەوە،
هیچ کەس فێرنابێ تا ئازار نەکێشێ.
ئەمەش یاسایەکی سەختە، بەڵام هەرە باڵایە،
کۆن وەک جیهان و وەک سەرنەوشت،
بۆ خۆپیرۆزکردن دەبێ چاوەڕێی بەدبەختی بکەی
سەرەنجام هەر بەم نرخە خەمبارەیە دەبێ خۆت
بکڕییەوە.
دەغڵ بۆ ئەوەی بگا پێویستی بە خوناوە،
بۆ ژیان و بۆ هەستکردنیش مرۆ پێویستی بە فرمێسکە،

ڕەمزی شادیش گیایەکی قەڵێشدارە،
هێشتا تەڕ بە باران و داپۆشراو بە گوڵ،
ئەی پێی نەدەگوتی لە شێتییەکەت چاک بەوە؟
ئەی تۆ لاو نیت و هەموو باوەشت بۆ ناکەنەوە؟
کە ژیانیش بەم چەشنە سووکەڵانە خۆشن،
ئەگەر نەگریاباى، چیت دەکرد؟
ئەوجا لە وەختی ڕۆژئاوابوون، دانیشتوو لەناو وەنەوشە،
لەگەڵ کۆنە هاوڕێیەک و بە دەم خواردنەوە بە ئازادی،
پێم بڵێ، ئاوا بە دڵێکی میهرەبانەوە پیاڵەت
بەرزدەکردەوە
ئەگەر هەستت بە نرخی شادی نەکردبایە؟
تۆ گوڵت خۆش دەوێ، مێرگ و چیمەن،
غەزەلەکانی "پێترارک" و چریکەی باڵندان،
میکێڵ ئانژ و هونەرەکان، شکسپیر و سروش،
لەناو ئەمانە هیچ قوڵپی گریانێکی بەسەرچوو
دەدۆزیتەوە؟
تۆ لە ئاسمانەکان دەگەی کە ئاوازێکی ئەمەندە مەحاڵیان
هەیە،
بێدەنگی شەوان، وردە شڵپەی شەپۆلان،
ئەگەر لەوێ، لە شوێنێک، ئەم سووتان و بێدارییە
نەبوایە،
ئایا خەونت بە پشووی ئەبەدییەوە نەدەبینی؟
ئەی تۆ ئێستا خۆشەویستێکی جوانت نییە؟
کاتێ کە وێڕای خەوتنت دەستی دەگوشی،
بیرەوەری دووری ئازارەکانی لاویت،
زەردەخەنە خوداییەکەی ناسکتر ناکەنەوە؟
ناچن بەیەکەوە پیاسە بکەن لە قووڵایی
دارستانە گوڵدارەکان و زەوی داپۆشراو بە لمی ڕەنگ

زیوین؟
ئەوجا لە ناو ئەم کۆشکە سەوزە، شەبەنگی ترس و بیم،
ئیتر نازانێ ئێوارە ڕێگاتان پێ نیشان بدا؟
سەرەنجام نابینی، لەبەر ڕۆشنایی مانگ
وەکو جاران ئەم جەستە جوانە لە ناو باوەشت
بنووشتێنییەوە،
ئەی ئەگەر لەو باریکە ڕێگایە خۆشەویستەکەت لە ناکاو
دۆزییەوە،
بە دەم گۆرانی چڕین لە پشت ئەو، بە دوای ناکەوی؟
کەواتە سەرزەنشتی چی دەکەی، هیوای نەمر
لە تۆدا لەسەر دەستی بەدبەختی خۆی تێکەڵ بە تۆ کرد.
بۆچی دەتەوێ ڕقت لە ئەزموونی لاویی خۆت بێتەوە،
نەفرەت لەو ئازارە بکەی کە نایابتری کردی؟
ئای منداڵەکەم! ئەفسووس، بۆ ئەو جوانە بێ وەفایە،
کە وای کرد پێشان ڕۆندک لە چاوانت بباریێ،
سەرزەنشتی بکە، ئەو ژنە، کە خوداوەند تۆی بۆ ئەو نارد،
بە ئازارەوە ڕازی بەختەوەران هەڵبێنە.
ئەم هەوڵەش بێ گومان بە ئێش بوو، خۆشی دەوێی
لەوانەیە،
بەڵام ئەوە چارەنووس بوو وای کرد دڵت بشکێنێ.
ئەو ژیانی دەناسی و هەر ئەوەشی پێناساندی،
بەڵام یەکێکی تر، بەری ئازارەکانی تۆی دوورییەوە،
سەرزەنشتی بکە! خۆشەویستی ناسۆرت ناکام بوو،
وەک خەونێک تێپەڕی،
برینەکانی تۆی بینی و هەرگیز سارێژی نەکردن.
لە ناو فرمێسکەکانی ئەو، باوەڕم پێ بکە، تۆ درۆیەک
نەبووی.
بەڵام ئەگەر وابوو، خەمی بۆ بخۆ، ئەوسا دەزانی چۆنت
خۆش بوێ.

شاعیر:
ئەوەی دەیڵێی ڕاستە، ڕق هەستێکی تاریکە،
مووچڕکێکە پڕ لە تۆقین
وەک مار کڕ دەکەوێ و
لە ناو دڵ دەسووڕێ.
کەواتە گوێم لێ بگرە و....، ئای خوداوەند!
شایەتمانی سۆزی من بە:
بە چاوی شینی خۆشەویستەکەم،
بە ڕەنگی پیرۆزەیی ئاسمان،
بەم بریسکە گەشە
کە ناوی ڤینۆسە و
وەک مرواربییەک هەڵدەلەرزێ
لە ئاسۆ دەدرەوشێتەوە،
سوێند بە مەزنی سروش
بە میهرەبانی پەروەرش
بە ڕۆشنایی هێمن و پاکی
ئەستێرەی ئازیزی گەڕیدان.
سوێند بە گیا و چیمەنی مێرگەکان،
بە دارستانەکان، بە قەرسیلی سەوز،
بە هێزی ژیان،
بە شیلە و نیانی گەردوون
لە یاداشتی خۆم ڕەشت دەکەمەوە،
لەم خۆشەویستییە بێمانایەش هیچ نەماوەتەوە
جگە لە ڕاز و سەربردەیەکی تاریک،
کە لەناو ڕابوردوو نووستبوو!
ئەی تۆ کە پێشان وەک برادەرێک
فۆرم و ناوێکی نیانت هەڵگرتبوو،
ئەو ساتە مەزنەی تێیدا تۆم لەبیردەچێتەوە،
دەبێ وەک بەخشین بێ.
بمان بەخشە، دەس لەو جوانییە هەڵدەگرم
کە لە بەرانبەر خوداوەند ئێمەی بەیەک گەیاندبوو.
لەگەڵ دوا فرمێسک
باوەش لە ماڵئاواییەکی ئەبەدی بکە.
ئێستاش، قژزەردی خەونبین،
ئێستاش، خوداوەندی شیعر، بۆ خۆشەویستییەکەمان
ئاوازێکی پڕ لە شادی بژەنە،
وەک جاران، ڕۆژانی خۆشی.
دەمێکە خوناو کەوتووەتە سەر چیمەن،
بۆنی بەیانی دەکا، نزیک دەبێتەوە،
وەرە با خۆشەویستەکەم بێدارکەینەوە،
گوڵانی ناو باخچە لێ کەینەوە،
وەرە گوڵی ئەبەدی ببینە
لە ناو تارای شەو دەردێن،
ئێستا لەگەڵ ئەو لە دایک دەبینەوە،
لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاو!

***

*** ئەلفرێد دو موسێ Alfred du Musset بە یەکێ لە شاعیرە ڕۆمانتیکییە مەزن و نایابەکانی ئەدەبی فەڕەنسی و ڕۆژئاوایی دادەنرێ، قەسیدەکانی بەوە ناسراون کە "زۆر ڕۆمانسین – Outrance Romantique"، یان بە "ڕۆمانسی باڵا" ناسراون، ئەمەش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەلفرێد دو موسێیە. شاعیر لە ساڵی ١٨١٠ لە پاریس لە دایک بووە و لە ١٨٥٧/٥/٢ هەر لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.**

**Anthologie de Poesie Francaise. Gallimard.Poesie de XIXe S. 2000.**